وانەی (٤٥)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دانیال

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (دانیال ٢، ٣ ، ٤ ، ٦)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١٣: ٨

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ : ڕۆما ١٣: ٨ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) دە پاکیزەکە (کچە داناکان وکچە گێلەکان)

" نمونەی دە پاکیزەکە " (کچە داناکان وکچە گێلەکان) لە مەتا ٢٥: ١- 13 تایبەتە بە **بێداری و شەوارەگرتن لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە بۆ ئەم نمونەیە دەکەین خاڵ بەخاڵ بە بەکارهێنانی شەش ڕێبەری ڕێنماییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

سێ نمونە هەن لەبارەی بێداری و شەوارەگرتن لە شانشینی خودا : نمونەی دە پاکیزەکە (کچە داناکان وکچە گێلەکان) لە مەتا ٢٥: ١- ١٣ وە نمونەی دارهەنجیری گەڵاگرتوو لە مەتا ٢٤: ٣٢- ٣٥ وە نمونەی کۆیلە دەستپاکەکان ئەوانەی شەوارەیان گرتوە لە لۆقا ١٢: ٣٥- ٤٠ .

أ. نمونەی دە پاکیزەکە (کچە داناکان وکچە گێلەکان) .

مەتا ٢٥: ١- 3 **بخوێنەوە** .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

وێنەی ئاهەنگی هاوسەرگیری جولەکە .

لە کتێبی پیرۆزدا ئاهەنگی هاوسەرگیری ئاهەنگێکی کۆمەڵایەتی و ئاینیی بوو . لەسەروو ئەمەشەوە ئاهەنگەکە گشتی و بەئاشکرا بوو ، لە کتێبی پیرۆزدا دەبینین هاوسەرگیری کارێکی نهێنی نیە بەڵکو هەمیشە ڕوداوێکی گشتی و ئاشکرا بوە ! لە کۆندا بەڵینی هاوسەرگیری شتێکی تایبەت بوو بە هەموو خێزانەکە و ئیدی هاوبەشی ژیانی دەگرتەخۆ پەیدابوون ٢١: ٢١ ، وە هەندێ جار دیاری دەبەخشرا بە خێزانی بووك وەك جۆرێك لە قەرەبوکردنەوە لەبری خواستنی بووک (مارەیی ؛ پەیدابوون ٢٩: ١٨ ؛ ٣٤: ١٢) ، وە دیاری بەخشین بە بوك وزاوا (پەیدابوون ٢٤: ٥٩ ، ٦١؛ ١پاشایان ٩: ١٦) .

وە ئاهەنگی هاوسەرگیری ڕوداێکی ئاشکراو گشتی بوو ، ئیدی ئەم بنەمایانەی لەخۆ دەگرت : بوك وزاوا جلوبەرگ (پۆشاکی) تایبەت بە هاوسەرگیریان دەپۆشی زەبور ٤٥: ١٣- ١٤ . وە هاوڕێکانی بووکە خانم و هاوڕێکانی زاوا وەك لە کوردەواریدا پێیان دەوترێ برا زاوا و پێ خەسوو لەگەڵیان دەبوون ، زەبور ٤٥: ١٤ ؛ یۆحەنا ٣: ٢٩ . ئیدی کەژاوەیەکی تایبەت بە بوك وزاوا دەڕازایەوە و سواری دەبوون مەتا ٢٥: ١- ١٤ . وە شێو لەسەر خوان ئامادە دەکرا و هەندێ جار هەفتەیەکی دەخایاند بەتەواویی مەتا ٢٢: ١- ١٤ ؛ یۆحەنا ٢: ١- ١٠ ؛ دادوەران ١٤: ١٧ . وە باشترین و گرنگترین بەش لە ئاهەنگەکەدا بەشی بەڵێننامەی هاوسەرگیری بوو ئەوەی تیایدا شایەت دەبوون لەسەری مەلاخی ٢: ١٤ ؛ پەندەکان ٢: ١٧ ؛ حەزقیال ١٦: ٨ . وە بە درێژایی مێژوو مەسیحیەکان بە ئاشکرا ئاهەنگی هاوسەرگیریان گێڕاوە لەبەردەم خوداو بە ئامادەبوونی خێزانەکان و هاوڕێ وخزم و دۆست و خوشک و براکانیان لە باوەڕدا . هەرگیز هاوسەرگیری بە پەیوەندیەکی خۆشەویستانە کۆتایی نەدەهات تەنها لە دوای سەرجەم ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری نەبێت پەیدابوون ٢٩: ٢١- ٢٣ ؛ وتەکان ٢٢: ١٣- ٢١ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ٤ .

پاکیزەکان (کچەکان) .

ئەو پاکیزانە کێ بوون ؟ ئایا هاوڕێی بووك بوون یان کچانی هاوڕێ و دراوسێ بوون ؟ لەکوێ ئەم ئاهەنگە دروست بوو ؟ ئایا لە ماڵی بووك یان لە ماڵی زاوا ؟ کچەکان لەکوێ بوون کاتێ دەنگ وهاوار بەرز بۆوە تاوەکو بێنە دەرەوە بەرەو دیداری زاوا ؟ ئایا لەشوێنیکی دەرەوە بوو یان لە ڕێگا یان لە ناوەوەی یەکێك لە ماڵەکان بوو ؟ ئایا ئەوان لە ماڵی بووك بوون یان گەیشتبوونە ماڵی زاوا ؟ ڕۆڵی ئەوان چی بوو ؟ ئایا چوون بۆ دیداروچاوپێکەوتنی زاواو هاوڕێکانی کاتێ هاتن بۆماڵی بووك بۆ گواستنەوەی و دواتر گەڕانەوەیان بۆ ماڵی زاوا بە کەژاوەی مەزن و سامناک ؟ یان لە ماڵی زاوا بوون لەگەڵ بووك و هەموو میوانە بانگهێشتراوەکان کە چاوەڕێی گەیشتنی زاوایان دەکرد؟ لە باشترین دەستنوسە یۆنانیەکانی پەیمانی نوێدا یەکێکیان نیە ئاماژە بکات بۆئەوەی بووك لەگەڵ زاوا ئامادە بووبێت لە کەژاوەکەدا ئەوەی گەیشت . بەڵکو بووکە خانم ناوی هەرگیز نەهاتوە لەم بەشەدا . بۆیە لۆژیکی تر زیاتر وای دابنێین زاوا لە شوێنێکدا ئامادە بوە کە ئاهەنگەکەی تێدا ساز کراوە ، ئیدی ئەو شوێنە ماڵی خێزانەکەی بووبێت یان ماڵی زاوا.

دەرچوونە دەرەوە بۆ بینینی زاوا .

ئایەتی یەکەم پوختەیەکە بۆ ئەم چیرۆکە، وە دەبینین ئەم کچانە نەچوونە دەرەوە بۆ بینینی زاوا تەنها لە ئایەتی ١٠دا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە نیازی هەر دە کچەکەدا بوو لە بنەڕەتدا کە بچنە دەرەوە بۆ دیداری زاوا، ئیدی پێنج لە کچەکان دانابوون و چوونە دەرەوە بۆ بینینی زاوا وە زەیتی نێو گۆزەی کچە گێلەکان بەتاڵ بوو (مەشخەڵی ڕوناکی لە کۆندا یان لە کوردەواریدا چرا - فتیلە ، بە قوڕ دروست دەکراو سوور دەکرایەوە بە ئاگر و دواتر پارچە پەڕۆیەکی چنراویان تێدەکرد و زەیتیان تێ ڕۆدەکرد) ئیدی چوون بۆ کڕینی زەیت .

چراکان .

چراکان وەك باو بوو لەو سەردەمەدا لە قوڕی سوورکراو بەئاگر دروست دەکران وەکو گۆزە . ئەم چرایانە دەفرێکی ژێرەی هەبوو لەگەڵ شوێنێکی تایبەت بە زەیتەکەی و سێ کونی تێدا بوو . کونێك بۆ ئەوەی زەیتی تێ بکرێت وە کونێك بۆ ئاڵوگۆڕی هەوا وە کونێکیش بۆ فتیلەکەی . ئیدی ئەم چرایانە بەکاردەهێنران بۆ کەژاوەو دایان دەگیرساند و بە بەرزی هەڵدەگیران ئەویش بە بەستنەوەی بە دارێکەوە . یەکەمجار چراکان داگیرساند کە کچەکان هاواریان کرد ئەوە زاوا هات .

ئاهەنگ وشێوی هاوسەرگیریەکە .

کاتێ هەموو کەژاوەکە دەگەیشتە ماڵەکە ، ئیدی هەموو بانگهێشتکراوان دەچوونە ژورەوەو دەرگاکە دادەخرا ، لێرەدا چیرۆکەکە زۆرکاریگەرەو بارودۆخی ئاساییە دەخاتە ڕوو ، کاتێک پاکیزە گێلەکان دەگەنە شوێنەکە زۆر دواکەوتوونە ، بۆیە ڕێگەیان پێنادرێت بچنە ژورەوە. لە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئاساییدا ناکرێت ڕێگری لەوانە بکرێت بۆ چوونە ژورەوە ، بەڵام ئەم نمونەیە کە عیسا باسی دەکات و مەبەستی هەیە پەیامێك بگەیەنێت پەیامێکی بەهێز وێەکلاکەرەوە . بۆیە لە چیرۆکەکەی عیسادا دەرگا دادەخرێت و ڕێگە نادرێت بکرێتەوە ! وە زاواش دان نانێت بەوەدا کە ئەو کچانە دەناسێت !

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٤: ١- ٢٣ .

کەشی ئەو نمونەیە هەروەها وەك کەشی نمونەکانی پێشوترە : نمونەی دارهەنجیری گەڵاگرتوو ، وە نمونەی کۆیلە دەستپاکەکان و نمونەی کۆیلە ناپاکەکان .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٥: 1- 12 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٥: ١٣ .

پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : مانەوە لە دۆخی بەئاگایی و بێداریی بەردەوام ، بەڵام بۆچی ؟ چونکە هیچ کەسێك کات و کاژێری هاتنەوەی دوەمی خوداوەند عیسای مەسیح نازانێت مەتا ٢٤: ٣٦ ، ٤٢- ٤٤ ، ٥٠ . دێت لە ناکاوداو بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ، وەکو چۆن دز بەشەو دێت ١سالۆنیکی ٥: ١- ٤ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن؟

تێبینیەکان .

أ. ڕاڤەی میتافۆری بۆ نمونەکە .

زۆرجار بە خراپە مامەڵە لەگەڵ ئەم نمونەیە دەکرێت بە ڕاڤەی میتافۆری ، لەگەڵ ئەوەی هەندێك ڕاڤەکار چەند فێرکردنێکی بەنرخیان نوسیوە بەڵام ڕاڤەی میتافۆریان بۆ ئەم نمونەیە کردوە و ناکرێت لەچوارچێوەی نمونەکەدا پێی بگەین ، بۆیە دەبێت ئەو جۆرە ڕاڤانە ڕەت بکرێنەوە ، وەکو نمونەی ڕاڤە هەڵەکان بۆ ئەم نمونەیە :

ئۆگستینۆس ٣٥٤- ٤٣٠ ز . ڕاڤەی بۆ ئەم نمونەیە کردوە بەم شێوەیە: ژمارە پێنج وێنەیەکە بۆ پێنج ئەندامی جەستە چونکە پێنج ئەندامە هەستیارەکانی جەستە و شێوەی هەست کردنیان و گەیاندنیان لەڕێگەی ئەم پێنج ئەندامە هەستیارەوە دەبێت وە پێنج کجە داناکان ێنەیەکن بۆ خۆشەویستی هەرچەندە گێلەکانیش هەڵگری چرا بوون بەڵام داناکان خۆشەویستیەکەیان هەبوو وەکو چۆن پۆڵسی نێردراو فێرمان دەکات لە ١کۆرنسۆس ١٣ .

مارتن لۆسەر ١٤٨٣ – ١٥٤٦ ز . بەم شێوەیە ڕاڤەی کردوە : کچە گێلەکان ڕەت کرانەوە چونکە خزمەتیان نەکرد .

ڕیچارد س . ترنچ ١٨٠٧ – ١٨٨٦ ز . بەم شێوەیە ڕاڤەی کردوە : چراکان وێنەیەکن بۆ دەرەوەو ڕوکەشی ژیانی باوەڕدار بەڵام زەیت وێنەیەکە بۆ ناخ وناوەوەیان وەك زەیتی باوەڕ ئەوەی ڕزگار دەکات و بێتاوان دەکات بەڵام نامەی یاقوب چراکان وێنەیەکن بۆ دان پیانانی دەرەکی باوەڕ وە زەیت وێنەیەکە بۆ زەیتی کارەکان ئەوەی لە ئەنجامی باوەڕی ڕاستەقینەوە دروست دەبێت . بەڵام دەبێت ئەم جۆرە ڕاڤە میتافۆریانە ڕەت بکرێنەوە .

ب. وردەکاری گرنگ وکاریگەر بەواتاو وردەکاری بێ کاریگەر بە واتا.

دە کچە داناو گێلەکان (دە پاکیزەکان) .

ئەم خاڵە گرنگەو کاریگەرە بە واتا چونکە عیسا شانشینی خودا دەچوێنێ پێیان !

چراکان .

عیسا هیچ واتایەکی تایبەت نادات بە چراکان ، چرا ئامێرێك بوو بەکار دەهات لە بەرزیدا وە دروست کرابوو لە گۆزەو زەیتی تێ ڕۆدەکراو بە داریکەوە دەبەسترا وەکو مەشخەڵ .

زەیت .

عیسا هیچ واتایەکی تایبەت نادات بە زەیت لەم نمونەیەدا بۆیە نابێت بچینە نێو خەملاندن و بیرکردنەوە لەوەی واتایەکی میتافۆری بۆ دابنێین . زەیت بەکار دەکات بۆ چەور کردنی پاشای نوێ هەروەها بەکار دەهات بۆ تیمارکردنی برین و هەوکردنی زامداریی .

هەرچەند زەیت واتایەکی هێمادارى هەبێت بەڵام بەپێی ئیشایا ٦١: ١ ئاماژەیە بۆ چەورکردن و دەستنیشانکردنەکانی ڕۆحی پیرۆز . بڕوانە زەکەریا ٤: ١- ٦ ؛ یۆحەنا ٣: ٣ ، ٥؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٣ .

پێنج کچە داناکان وپێنج کچە گێلەکان .

ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیامی سەرەکی نمونەکە .

ماندوو بوون و نوستن .

ڕوونە کە دە کچەکان لەو ماڵەدا نوستوون کە بۆی هاتوون . ئەوان لە شوێنێکی درەوە نەنوستوون بۆ نمونە لە ڕێگا ، چونکە چیرۆکەکە دەڵێت چوونە دەرەوە کاتێ هاوارکراو بەخەبەر هاتن ئیدی پێنج کچە داناکان چون بۆ دیداری زاوا .

ڕەنگە ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات لەم ئەزمونە توشی ڕاڤەی میتافۆری ببێت و بڵێت نوستن وێنەیەکە بۆ لاوازی کڵێسای مەسیحیەت بەڵام عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بەم خاڵە و ئاماژەش نیە بۆ لاوازی کڵێسا بەڵکو بۆ ئامادەباشی کڵێسا ئاماژە دەکات .

لە نیوەشەودا گوێیان لە هاوار بوو " لە نیوەشەودا هاوار کرا: ئەوە زاوا دەرکەوت، بەرەو پیری بچن ! "

کە هاوار کرا هەموان بەخەبەر هاتن . عیسا پێمان ناڵێت لە نمونەکەدا کێ بوە ئەوەی هاوارەکەی کرد . ڕەنگە یەکێك لە میوانەکان بووبێت کاتێ چاوەڕێی هاتنی زاوای کردوەو بە بێداری ماوەتەوە ، یان ڕەنگە یەکێك لەو گەنجانە بووبێت کە هاوەڵی زاوا بوە ، لەگەڵ ئەوەشدا زاوا مەودایەک دوور بوە لەماڵەکە ، لەبەرئەوە دەبوو کچەکان فتیلەو چراکانیان چاک بکەن وئاگرەکەی داگیرسێنن پاشان ماوەیەك بڕۆن لە تاریکیدا بۆ چاوپێکەوتنی زاوا . ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەکەدا ، کاتی هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیح کاتێکی دوورودرێژ ڕوودەدات لە ڕاگەیاندنی هاتنەکەیدا ، هەروەها ئەم خاڵە ئاماژەیە بۆ هاتنەوەی دوەمی کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدات .

پاکیزەکان چراکانیان داگیرسان بەڵام چرای گێلەکان کوژانەوە .

عیسای مەسیح شرۆڤەی ئەم خاڵە ناکات بەڵام خاڵی سەرەکی یان وانەی سەرەکی نمونەکە بەهێز دەکات ئەویش ئامادەباشیە .

پاکیزە داناکان یاخود کچە داناکان ڕەتیان کردەوە خەیت بدەن بە کچە گێلەکان .

ئەم خاڵەش شرۆڤە نەکراوە بەڵام خاڵی سەرەکی و پەیامی سەرەکی نمونەکە بەهێز دەکات ، دەشێ مرۆڤ دانا بێت یان گێل .

دەرگا داخرا .

ئەم خاڵە پێچەوانەی ئەوەیە ڕوویدا لەڕاستیدا ، چونکە زاوای سەر زەوی ڕێگری ناکات لە بەشداری کردنی ئەو کجانە لە ئاهەنگەکەدا ، بەڵام ئەم نمونەیە یان چیرۆکی نێو ئەم نمونەیە پەیامێکی ئاسمانی تایبەتە ، بۆیە دەرگا داخستن ڕاستیەکی تەواوەتیە ، ئەم خاڵە گرنگەو کاتێك دێت دەرگای شانشینی خودا بەتەواوی دادەخرێت ! پێش هاتنی دوەمی عیسای مەسیح دەرگا کراوەیەو بە کراوەیی دەمێنێتەوە بڕوانە یۆحەنا ١٠: ٧- ٩

، تا کاتەکە کاتی نیعمەتە خەڵکەکە بانگ دەکرێن کە ئاماده بن بۆ چاوپێکەوتنی زاوا مەرقۆس ١: ١٥ ؛ لۆقا ٤: ١٨- ١٩ ؛ ١٣: ١- ٥ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١- ٢ ، واتە بۆ تۆبەکردن و باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح بەم شێوەیە خەڵکی ژیانیان پڕ دەبێت لە ڕۆحی پیرۆز ١کۆرنسۆس ٣: ١٦ ؛ ئەفەسۆس ١: ١٣- ١٤ ؛ ١سالۆنیکی ٣: ١٣ ؛ ٥: ٢٣ . خودا بە نیعمەتی خۆی لە جاویدانەوە هەڵیبژاردوون یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٩ ؛ ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠ ؛ ١١: ١- ٨ ؛ ١پەترۆس ١: ١- ٢ . بەڵام دوای هاتنەوەی دووەمی خوداوەند عیسای مەسیح هیچ دەرفەتێکی دیکە نیە بۆ تۆبەکردن وڕزگاریی ئیشایا ٦١: ٢ وە لە ڕۆژی حوکمدانی کۆتاییدا عیسای مەسیح هەموو ئەوانە ڕەت دەکاتەوە کە تۆبەیان نەکردوە وە پێیان دەڵێت : من ئێوە ناناسم مەتا ٢٥: ١٢ هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ٨: ٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١٩ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا . وە بە تێڕوانین لە شرۆڤەکەی عیسای مەسیح بۆ نمونەکە یان جێبەجێکردنی دەزانین چۆن دەبێت ڕاڤە بۆ نمونەکە بکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی کچە داناکان و گێلەکان لە مەتا ٢٥: ١- 13 فێرمان دەکات لەبارەی بێداری و شەوارەگرتن لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : دەبێت باوەڕداران ئامادەباش بن و بێداربن و شەوارەبگرن وئامادەبن بۆ هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح ، چونکە بەشێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو دێتەوە لە چرکەساتێکدا .

نمونەکە پێداگری ناکات لەسەر ئەو کەسەی دێت بۆ لای عیسای مەسیح لەژیانیدا بەڵکو ڕوداوی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح مەتا ٢٤: ٣١؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٦ ؛ ئاشکراکردن ١٤: ١٥- ١٦ ؛ ئاشکراکردن ١٤: ١٨- ١٩ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەریەك لەم بەشە کتێبیانە چیمان فێر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرمان دەکات ؟

لۆقا ١٣: ٢٢- ٣٠ .

عیسای مەسیح هانی خەڵکی دەدات کە واز لە خراپەکاری بهێنن و پێشوازی لێ بکەن وەکو ڕزگارکاریان . دەبێت هەوڵ بدەن بە تینوگوڕەوە

و به تێکۆشان و هەموو هێزیانەوە بچنە نێو شانشینی خودا ، دەبێت بجەنگن لەگەڵ سروشتە کۆنە گوناهبارەکەیان و حەزو ئارەزوە جیهانی و شەیتانیەکانیان ، هەروەها دەبێت هەوڵ بدەن وتێبکۆشن دژ بە ڕازی کردنی ناخیان ودژ بە درێژکردنەوەو دواخستن و کەمتەرخەمی کردنیان، هەر کەسێك هەوڵ بدات و تێبکۆشێت لە ملکەچبوونی بۆ عیسای مەسیح بەدڵنیاییەوە دەچێتە ژورەوە ! بەڵام ڕزگاریی لەدەرئەنجامی هەوڵ وتێکۆشانی مرۆڤ نیە بەڵکو لەدەرئەنجامی بەخشینی خودایە بە نیعمەتی خۆی تاوەکو ئەوە بکەن کە خواستی خودایە ئەفەسۆس ٢: ٨- ٩ ؛ فیلیپی ٢: ١٢- ١٣ بخوێنەوە .

مەتا ٧: ٢١- ٢٣ ؛ ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١٩ .

عیسای مەسیح هۆشداری دەدات بە خەڵکی و پێیان دەڵێت بەشداری کردن لە کڵێساو چالاکی ئەنجام دان تیایدا زامنی چونە نێو شانشینی خودا نیە ، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ دوبارە لەدایک بێتەوە بەکاری عیسای مەسیح ، گرنگ ئەوەیە عیسای مەسیح بانگمان بکات بۆ ئەوەی ببین بە قوتابی خۆی ئیدی ئەو مرۆڤەکە دەناسێت و دانی پێدا دەنێ وەکو ڕۆڵەی خۆی.

ب. نمونەی دارهەنجیری گەڵاگرتوو

مەتا ٢٤: ٣٢- ٣٥ بڕوانە پاشکۆی ٣ .

ج. نمونەی کۆیلە دەستپاکەکان ئەوانەی شەوارەیان گرتوە

لۆقا ١٢: ٣٥- ٤٠ بڕوانە پاشکۆی ٣ .

د. پوختەی پەیامەکە یان وانەکان وفێرکردنی سەرەکی ئەوەی نمونەکان پێشکەشیان کردوە تایبەتن بە بێداری وشەوارەگرتن لە شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو خەڵکی بزانن خودا کێ یەو عیسای مەسیح کێ یەو سروشت و خواستی چیەو چی دەکات.

هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو دەبێت ، پێشبینیەکانی عیسای مەسیح لەبارەی ئەو ڕوداوانەی ڕوودەدەن لەماوەی نێوان هاتنی یەکەمی و هاتنەوەی دووەمیدا بە دڵنیاییەوە دێنە دی . گرنگ ئەوەیە ئەم پەیامانە هانمان بدات ئامدە بین و شەواڕە بگرین بۆ هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

دەبێت باوەڕداران بزانن دەبێت چی بن وچۆن بن چۆن هەڵسوکەوت بکەن.

هەندێ ڕوخساری جیاوازی و ناکۆکی و مشتومڕ هەن لەنێوان باوەڕداران و ئەو باوەڕدارانەی تەنها بەناو باوەڕداران .

هەموو ئەوانەی دان دەنێن بەعیسای مەسیح لەچەندین لایەنەوە هاوشێوەن و هەمویان بەڕێگاوەن بەرەو چاوپێکەوتنی زاوا عیسای مەسیح .

بەڵام هەندێ شوێنکەوتەی مەسیح هەن دانان ، ئەوانە باوەڕدارن ، ئەوان ژیانی کۆنیان فڕێ داوەو وازیان لێ هێناوە و ژیانیان ئاراستەکردوە بەرەو عیسای مەسیح و باوەڕیان بە عیسای مەسیح وەکو خوداوەند وڕزگارکاریان ، ئەوانە دڵنیان بەتەواوەتی وئامادەباشن بۆ هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح بە ژیانێکی پڕ لە متمانەو ملکەچی بۆ فێرکردنەکانی عیسای مەسیح . بەڵام هەندێک مەسیحی تر هەن گێڵ و نەفامن ، ئەوانەش پێیان دەوترێ مەسیحی بەڵام باوەڕداری ڕاستەقینە نین لەگەڵ ئەوەی بەشداری دەکەن لە جۆرەها چالاکی کڵێسا وەکو چوون بۆ کۆبونەوەکانی کڵیساو خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و گۆرانی ڕۆحی و نوێژ و دان نان بە باوەڕدا و بانگ کردن بەناوی عیسای مەسیئەوە بەڵام دوورن لە شانشینی خوداوەد و ناچنە نێو شانشینەکەی . بۆچی ؟ هۆکاری ئەمە ئەوەیە عیسای مەسیح پێیان دەڵێت من ناتانناسم ، بۆیە گرنگ ئەوە

نیە بەشداری دەکەیت لە کڵێساو چالاکیەکانی بەڵکو گرنگ ئەوەیە عیسا بانگی کردویت تا ببیتە قوتابی ئەو بڕوانە لۆقا ٩: ٥٧- ٦٢ وە بەشیوەی کەسێتی بتناسێت بڕوانە یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨ . لە هاتنەوەی دووەمدیا عیسای مەسیح هەموو ئەوانە فڕێ دەداتە دەرەوە کە تۆبەی ڕاستەقینەیان نەکردوە واتە دوبارە لەدایک نەبوونەتەوە یۆحەنا ١: ١٢- ١٣ ؛ ٣: ٣، ٥ ، ١٦ ، ١٨ ، ٣٦ . هەروەها بڕوانە مەتا ٧: ٢١- ٢٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ٥ .

ماوەیەکی زەمەنی هەیە درێژ بۆتەوە لەنێوان هاتنی یەکەمی و هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح . بڕوانە مەتا ٢٤: ١٤ ؛ مەتا ٢٥: ١٦ ، ١٩ ؛ مەتا ٢٤: ٩ لەنێوان ئەو ماوەیەدا مزگێنی ئینجیل دەدرێت بە هەموو نەتەوەکان و دانیشتوانی سەر زەوی وە باوەڕدارانییش لەو ماوەیەدا توشی چەوسانەوە دەبن ، گرنگ ئەوەیە باوەڕداران چراکانیان داگیرساندبێت و کیسەزێرەکانیان وەگەڕ خستبێت و بەروبومی باشیان دابێت .

هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح کتوپڕ دەبێت و چاوەڕوان نەکراو دەبێت بێ ئەو گوێیان لێ بێت یان ببینن . لۆقا ١٢: ٤٠ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١- ٤ ؛ ٢پەترۆس ٣: ١٠ ؛ ئاشکراکردن ٣: ٣ ؛ ١٦: ١٥ ؛ مەتا ٢٤: ٣٠- ٣١ ؛ ٢٥: ٦ ؛ ٢٦: ٦٤ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٦ ؛ ئاشکراکردن ١: ٧ .

ئامادەباشی شتێك نیە بگواستڕێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەڵکو شتێکی کەسێتیە .

ناکرێت باوەڕداری دانا ئامادەییان بگوازنەوە بۆ باوەڕدارە گێلەکان ، چونکە هەر مرۆڤێک بەرپرسە لە گوناهەکەی و سزای گوناهەکەی یەرمیا ٣١: ٢٩- ٣٠ ؛ حەزقیال ١٨ ؛ مەرقۆس ١: ١٥ ؛ لۆقا ١٣: ١- ٥ ؛ مەتا ٢٥: ٧- ٩ ؛ زەبور ٤٩: ٧ ؛ پەندەکان ٩: ١٢ .

هیچ دەرفەتێکی دیکە نیە بۆئەوانەی ئامادە نەبوونە ، بڕوانە مەتا ٢٥: ١٠- ١٢ ؛ ١٠: ٣٢- ٣٣ ؛ ٢٤: ٣٧- ٤٢ ؛ ٢٥: ٣٤- ٤٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٩- ١٠ ؛ گەڵاتیە ٦: ٧- ٨ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٨- ٩ .

بێداری و شەوارەگرتن دوو شتن لە هەموو باوەڕداران داواکراوە .

چونکە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح نەزانراوەو بەدڵنیایی ڕوودەدات بۆیە دەبێت هەموو باوەڕداران شەواره بگرن و هەمیشە ئاماده بن مەتا ٢٥:١٣ ؛ پەندەکان ٢٧: ١ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ٢ ؛ ٢پەترۆس ١: ٥- ١١ .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " کچە داناکان وکچە گێلەکان ".